**کۆمەڵناسی ئابووری**

**قۆناغی چوارەم-بەشی کۆمەڵناسی**

**جبار قادر احمد**

وەك زانراوە  كە زانستی ئابووریناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستیانەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ و بەکاربەری، کە پەیوەستن بە کاڵا و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەست بە خۆشگوزەرانی و کامەرانی تاکەکان، هەروەها باشترکردنی ئاستی گوزەرانی مادی و دارایی و مەعنەویان. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەم زانستە دەکۆڵێتەوە لە ئەو دەورانە ئابووریەی بنیادنراوە لەسەر چوار قۆناخی سەرەکی: **بەرهەمهێنان، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕ و بەکاربردن.** هەروەها ئەم زانستە پەیوەستە بە دەوڵەتەوە. بۆیە، ناونسراوە بە ئابووریی سیاسی، تا ئەندازەیەك سەختە ئابووری جیابکرێتەوە لە سیاسەت، بەهۆی ئەم پەیوەندیە ئاڵوگۆڕەی نێوانیان.

ئەوەندەش هەیە کە **سەروەت و سامان تەنیا کورت نابنەوە لەناو دەوڵەت، بەڵکو ئەنجامی کۆششی نێوان تاکەکانیشە، لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی. بەو مانایە کە تاکەکان خۆیان بەرهەمهێنی سامانی بەرداری ئابوورین، لە چوارچێوەی هاریکاری و تێکگەیشتن و هاوبەندی و ئاڵوگۆڕی هاوبەش.** ئینجا زانستی ئابووری لەو چالاکیە ئابووریانە دەکۆڵێتەوە کە خاوەن سرووشتێکی تاکی و کۆمەڵایەتیان هەیە. هەندێکیش زانستی ئابووری وا پێناسە دەکەن کە بریتیە لە "لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی، خەڵك لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکارهێنانی سەرچاوەکان ڕێك دەخەن، بۆ تێرکردنی خواست و پێویستیەکانیان، بەو مانایە کە زانستی ئابووری بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی ئابووری، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە گشت سیستمە ئابووریەکان و ئەو کێشانەیە کە ڕووبەڕووی گشت سیستەم و ئەو ڕێگانەی بەردەستن بۆ چارەسەری کێشەکان".

کەواتە  زانستی ئابووری دەکۆڵێتەوە لە گشت ئەو سیستەمە ئابووریانەی یارمەتی خەڵك دەدات لە وەڵامدانەوەی پێویستی، تێرکردنی پێویستیەکانیان، بەدیهێنانی سوود و بەرژەوەندیەکان، بەدیهێنانی هاوسەنگیی ئابووری و تێرکردنی مادی. ئینجا زانستی ئابووری هەوڵ دەدات بتوێژێتەوە(لێکۆڵینەوە بکات) لە هاوسەنگی نێوان داهاتەکان و خەرجیەکان، چارەسەرکردنی کێشە مادیەکان بە بەکەڵکترین ڕێگە و ڕێچارەی بەردەستی ئابووری، لە چوارچێوەی ئەوەی ناونراوە بە (الحكامة)ی نوێ. ئەمەش واتە زانستی ئابووری گشت ڕێکار و پلانی ڕێکخستن بۆ ژیانی ئابووری لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی و بەدیهێنانی گونجان و هاوسەنگی و یەکانگیربوونی پێشکەشمان دەکات. بە تایبەت خواستەکانی مرۆڤ و پێویستیە زۆر و زەوەندەکانی بە ئەرێنی و نەرێنیەوە، بەڵام کات و چالاکی و سەرچاوە سرووشتیەکانی سنووردارن. بۆیە پێویستە بە چاکی کۆنترۆڵی

ئەو سەرچاوانەی بەردەستن بکرێت، ڕێی تێچوون و بەکاربردن نیشان بدرێن. هەروەك چۆن ئەم ئابووریە ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی سامان و کۆکردنەوە و کەڵەکەکردن و وەبەرهێنانی ئەو سامانە. ئادەم سمس گوتوویەتی: ئابووری زانستی سامانە. هەیشە دەڵێن کە زانستی دەوڵەمەندبوون و دەوڵەمەندکردنە لەسەر بنەمای کۆششی مرۆیی بۆ بنیادنانی سامانی نەتەوە.

لێرەوە، زانستی ئابووری بریتیەوە لەوەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی چالاکی ئابووری تاك و کۆمەڵ دەدات لەپێناو بەدیهێنانی سوود و بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی و سامان و هاوسەنگی نێوان داهات و خەرجی.

ئەگەر زانستی ئابووری ئامانجی بریتی بێت لە دانانی یاساگەلی ماتماتیکی و ئاماری و زانستی بۆ بەدیهێنانی سوود یا بەرژەوەندی یا هاوسەنگی ئابووری یا خۆشگوزەرانی مادی بۆ تاکەکان و کۆمەڵەکان، ئەوا **کۆمەڵناسیی ئابووری ئامانجی بەدهێنانی دادگەریی کۆمەڵگەیی و چاکترکردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکان و کۆمەڵەکان ناو سیستەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەیی. بە مانا ئاراستەکردنی ئابووری بۆ پێشکەشکردنی بناخەی کۆمەڵایەتی، و بەدیهێنانی هاوسەنگی و گونجانی و تەواکاری، یاخود چاکترکردنی بارودۆخە ئابووریەکانی گشت کۆمەڵگە.** لەم سۆنگەیەوە محەمەد یاسر خواجە دەڵێ: **"لەوە دەچێ پەیوەندیی نێوان هەردوو بواری ئابووری و بواری کۆمەڵناسی زۆر ڕوون بێت. بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە لێرەدا ئەوەیە کە کۆمەڵناسیی ئابووری ئامانجی بریتی نیە لە لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بە یاساگەلی ڕووت و ڕەقی ئابووری یاخود گەیشتن بەم یاسایانە بە ئامانجێکی خودی، بەڵکو ئامانجی بریتیە لە سوودوەرگرتن لێی بۆ بەرزکردنەوەی بارودۆخ و سیستەم و ئاستە ئابووریەکان، جا ئەگەر ئابووری بایەخ بە سوود و قازانج بدات، ئەوا کۆمەڵناسیی ئابووری واتە دادگەری، گەر ئابووری ئەو یاسایانە دادەڕێژێت کە سیستەمی ئابووری پشتی پێوە بەستووە، ئەوا کۆمەڵناسیی ئابووری یاساگەلێك هەڵدێنجێ کە بناخەی کۆمەڵایەتی پێش دەخات لە ڕووی ئابووریەوە.**

واتە: کۆمەڵناسیی ئابووری دەتوانێ یارمەتیمان بدات لە ئاشنابوون بە هەر سیستەمێکی ئابووری کە دەکرێ شیاو بێت بۆ ئەم کۆمەڵگەیە یا کۆمەڵگەیەکی تر، هەروەها پێویستە پارێزگاری لە چی بکرێت؟ ئینجا پێویستە چی دووربخرێتەوە لە ڕێکارەکانی چالاکی و دەرفەت قۆستنەوەی ئابووری؟ چونکە ئەم زانستە لە چالاکی ئابووری دەکۆڵێتەوە بەو پێیەی یەکێکە لە ڕووخسارەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی، بەڵکو گرنگترین لایەنی ڕەفتاری تاکەکانە؛ چونکە پەیوەستە بە کۆڵەگەکانی بناخەی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێك دەڕوانێتە دیاردەکان وەك چۆن دەڕوانێتە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، کەوا هیچ بایەخی کەمتری نیە لە دیاردە سیاسی و ئایینی و ئەخلاقی و زمانەوانیەکان، چونکە هەموو ئەوانە دیاردەگەلێکن زادەی سرووشتی ژیانی کۆمەڵایەتیین، کە کارلێکی نێوان تاکەکان و بەریەکەوتنی هەستیان و بەرامبەربوونی خواستەکانیان و ملکەچیان بۆ بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە خۆ و هەموو ئەوانەش دەخاتە یەك بۆتە. شوێنەوارەکانی یەك دەخات و هۆکردە کاریگەرەکانی وا دێتە ناو کەوا ئەنجامەکانی وان ئەستەمە لەسەری بوەستێ.

سمیلسەر (N. Sme) لە کتێبی (**کۆمەڵناسیی ژیانی ئابووری**)دا وای ناساندووە کە "بریتیە لەو زانستەی دامەزراوە لەسەر جێبەجێکردنی چوارچێوەی مەرجەعی بۆ کۆمەڵناسی و نموونە لێکدانەوەییەکانی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو چالاکیە نوێیە ئابووریانەی چارەسەری پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕکردن و بەکاربردنی کاڵاکان و خزمەتگوزاریە دەگمەنەکان دەکات(٣)".

کەواتە کۆمەڵناسیی ئابووری بریتیە لە جێبەجێکردنی هاونزیکی سۆسیۆلۆژی بەسەر دیاردە ئابووریەکاندا (٤)، یاخود بریتیە لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی لە ئابووری (٥). مەبەست لە دیاردە ئابووریەکانیش ئەم چوار پرۆسەیە: بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ و بەکاربردن (٦)، یاخود ئەو ڕەفتارە مرۆییەیە کەوا نێوان خواستە زۆرەکان و دەگمەنی سەرچاوە و سنووردداربوونی کۆك دەکات(٧). ڕەنگە دیاردە ئابووریەکان مانای ئەوەش بگەیەنێ کەوا پێی دەگوترێ کردەی ئابووریی عەقڵانی و ئامانجدار لای ماکس ڤێبەر (Max Weber) یاخود ڤیلفریدۆ پاریتۆ ( V. Pareto).

کەواتە کۆمەڵناسیی ئابووری بایەخ دەداتە لێکۆڵینەوە لەو دیاردە ئابووریانەی پەیوەندیان بە کۆمەڵگەوە هەیە. واتە : لێکۆڵینەوەی سیستمە ئابووریەکان، شیکردنەوەی دۆخەکانی بازاڕ، وەسفکردنی دەورانی ئابووری، وەستان لەسەر ئەو میکانیزمانەی کە کۆنترۆڵی دیاریکردنی گرانبەهایی دەکەن، تاوتوێکردنی سیاسەتی نمایش و خواست، دۆزینەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەستیان بە پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریەکان، باس و خواسی بازاڕەکان لە خۆیەکلاکردنەوە لەنێوان قازانج و بەهاکان...

بەم شێوەیە کۆمەڵناسیی ئابووری بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە دیاردە جیاجیا و جۆراوجۆرە ئابووریەکان لەژێر ڕۆشنایی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنجامەکانی، لە میانەی تێکەڵاوی نێوان ئابووری و کۆمەڵگە. پاشان کۆمەڵناسیی ئابووری گوزارشتە لە هاونزیکییەکی سۆسیۆلۆژی.

## سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ئابووری

دەستەواژەی «ئابووریی سیاسی» یەکەمجار لە لایەن دۆمنکرتین لە ساڵی 1615 بەکارهێنرا، لە کاتێکدا وەك دەزانین تێرمی «کۆمەڵناسی» یەکەمجار لە ساڵی 1842 بەکارهێنرا و تێرمی «کۆمەڵناسیی ئابووریش» یەکەمجار لەلایەن ستانلی جۆڤنز لە ساڵی 1879 بەکارهێنرا (Jovns,1879). هەرچەندە پێش بەکارهێنانی تێرمی کۆمەڵناسیی ئابووری چەندین کۆمەڵناس و بیرمەندی تری هەولی شیکردنەوە و زانینی کاریگەرییەکانی ئابووری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بەپێچەوانەیان دابوو بەتایبەت لای تۆکڤێڵ و مۆنتیسکۆ و سەن سیمۆن و کۆنت و بەتایبەتتر لای کارل مارکس، بەڵام ئەگەر دەستپێك و پرشنگی کۆمەڵناسیی ئابووری لەو سات و کاتە لەپێشچاو بگرین کە جۆڤنز ئەم دەستەواژەیەی داهێنا، لانیکەم بەر دوو گرووپ دەکەوین کە رۆڵیان لە فراوانکردن و پەیدابوونییدا هەبوو، ئەوانیش:

**گرووپ یەکەم: ئابووریزانانی نیوکلاسیکی وەك جۆڤنز و ڤیکستید.**

**گرووپی دووەم: کۆمەڵناسانی وەك دۆرکایم و زیمڵ و ڤێبەر.**

بەڵگەنەویستە سەبارەت بە داهێنان و بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵناسیی ئابووریی وەك ئەوەی پێشتریش وتمان سەرەتا لای جۆڤنز بەکارهات بەتایەت لە کتێبی ئابووری سیاسیی، ئەو کۆمەڵناسیی ئابووریی وەك لقێك لە زانستی ئابووری لەقەڵەم دا و لە تەك لقەکانی وەك ئاماری بازرگانی و تیۆری ماتماتیکی ئابووری و ئابووری سیستەماتیك ... هتد ریزبەندی کرد، نەك ئەوە تەنانەت هەندێ بیرمەند پێیانوایە تەنانەت جۆڤنز بۆ کۆمەڵناسیی ئابووری پەیامێکی مێژوویی لە بەرامبەر زانستی ئابووری دانابوو، هەروەها لەژێر کاریگەریی گوتە و توێژینەوەکانی جۆڤنز و ئۆگۆست کۆنت، ڤیکستید (wicksteed) پێیوابوو «زانستی ئابووری پێویستە وەك نەدیمە کۆمەڵناسی کاربکات» (wicksteed, 1934: 783). سەرەڕای ئەوەش، هەندێ بیرمەند پێیانوایە رۆڵی ئەم گرووپە لە بیناکردن و دارشتنی کۆمەڵناسیی ئابووریی لەبەرچاو نەگیراوە و دواجار کۆمەڵناسانێکی وەك دۆرکایم و زیمڵ و ڤێبەر قۆڵیان لێ هەڵماڵیی و ئەو لقە زانستییەیان بە گرنگ و هەند وەرگرت. گوومان لەوەدا نییە کە یەکەمجار جوڤنز ئەو چەمکەی بەکارهێنا، بەڵام دۆرکایم و زیمڵ و ڤێبەر شێوە و ناوەرۆکییان پێی بەخشی بەتایبەت لە ساڵانی 1890 تاکو 1920. بەدرێژایی ئەم ماوەیە کۆمەڵناسیی ئابووریی کلاسیك دەرکەوت بەتایبەت لە کتێبەکانی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییی دۆرکایم و فەلسەفەی پارەی زیمڵ و ئابووریی و کۆمەڵگەی ڤێبەر. بەم چەشنە، دەکرێ بڵێین ئەو سێ بەرهەمە بوونە کۆڵەکە و بنتەمبەڵ و بناغەی کۆمەڵناسیی ئابووریی.

یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسانی ئابووریی کلاسیك بریتیی بوو لەوەی خۆیان بە پێشەنگ و بەدیهێنەر و سەرمەشقی جۆرێك لە شیکردنەوە دەزانی کە پێشتر لەو بوارەدا بوونی نەبووە. ئەم شێوە بیرکردنەوە و شیکردنەوەیە پێش هەرشتێك شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسییانە بوو بۆ دیاردە ئابوورییەکان کە ئەو بیرمەند و کۆمەڵناسانەی بەرەو چەند پرسێکی سەرەکی دەبرد، پرسیارگەلی وەك رۆڵی ئابووری لە کۆمەڵگە چییە؟ چۆن دەکرێ شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکانی بابەتە ئابوورییەکان لە شیکردنەوە ئابوورییەکانی ئەم بابەتانە جیا بکەینەوە؟ کردەی ئابووری چییە. لەم ڕووەوە، کۆمەڵناسیی ئابووریی دەکرێ بەو جۆرەی کە کۆمەڵناسانی کلاسیك لەپێشچاویان دەگرت، بەکارهێنانی رەوتی کۆمەڵناسییانە لە شیکردنەوەی دیاردە ئابوورییەکان پێناسە بکرێت، هەر بۆیە سوودوەگرتن لەم رەوتە کەم تا زۆر لە نێو کۆمەڵناسانی ئابووریی کلاسیکی وەك ڤێبەر ببینرێت.

بێگومان پێویستە و ئەملاو ئەولای پێناوێ کە ڤێبەر ناسراوترین کەسایەتیی و بیرمەندە لە نێو کۆمەڵناسیی ئابوورییدا، ئەمەش بەم هۆیەی کە ئەو پێش ئەوەی روو لە کۆمەڵناسیی بکات هەم وەك ئابووریزان و هەم وەم ئابووریزانی مێژووگەرا دەناسرا. لە نێو کۆمەڵناسانی ئەڵمانی ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە ماکس ڤێبەر بوو کە هەولیدا پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و ئابووریی جێگیر و بینا بکات.. لە نێو دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسییش تارادەیەکی زۆر ڤێبەر ئەو کەسەبوو کە هەموو هەوڵێکی دا تاکو بنەمایەکی تیۆریی رێکوپێك و سیستەماتیکانە بۆ کۆمەڵناسیی ئابووری دابڕێژێت.

بەشی زۆری ئەو توێژینەوە و نوسینانەی کە ڤێبەر لەبارەی کۆمەڵناسیی ئابووری ئەنجامی داوە دەکرێ لە کتێبی «ئابووری و کۆمەڵگە» و کتێبی «ئاکاری پرۆتستان و رووحی سەرمایەداریی» و وتارێك لەبارەی «بابەتێتی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان» بدۆزینەوە.

لە کتێبی «ئاکاری پرۆتستان و رووحی سەرمایەداریدا» ڤێبەر بنەڕەتەکانی کۆمەڵناسیی ئابووری هەم لەرووی مێژووییەوە و هەم لەرووی پراکتیکییەوە داڕشت. سەرەکیترین بۆچوون و دیدی ئەو کە بەهۆی بەراوردکردنی توخمەکانی ئاکاری ئابووریی لە گرووپە ئایینییەکانی وەك هند و بودا و کۆنفشیۆس و تائۆوە دروست بوو، بریتییە لەوەی کە سەرمایەداری لەو پانتایی و سەرزەمینانە زیاتر گەشە دەکات کە پرۆتستانتیزم وەك فرقەیەکی مەسیحییەت زاڵ و دەستباڵایە. بەم چەشنە، بەپێچەوانەی بۆچوونی کارل مارکس، کە هۆکارە ئابوورییەکانی بە هۆکاری پەیدابوونی سەرمایەداری لەقەڵەمدەدا، ڤێبەر پێیوایە فاکتەرە کولتوورییەکان رۆڵیان لە پەیدابوونی سەرمایەدارییدا هەیە و بەم چەشنە، جەختی زۆری لەسەر شیکردنەوەی رەگ و ریشە نائابوورییەکانی دیاردەیەکی ئابووریی وەك سەرمایەداری دەکردەوە. ئەو لە وتاری بابەتێتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و پێیوایە کە پانتای زانستی ئابووری دەبێ بەرفراوانتر بکرێن و وەك چەترێك وا بێت و رۆڵی کۆکەرەوە و داپۆشەر ببینێت. بەم هۆیەیە، لای ڤێبەر ئابووری نەك تەنیا تیۆری ئابووری، بەڵکو پێویستە مێژوویی ئابووریی و کۆمەڵناسیی ئابووری لەخۆی بگرێت. هەروەها ڤێبەر ئەوەش دەخاتەڕوو کە شیکردنەوە ئابوورییەکان نەك تەنیا دیاردە نائابوورییەکان، بەڵکو دیاردە نائابوورییەکانیش کە کاریگەری لەسەر ئابووری بەجێدەهێڵن و دیاردە نائابوورییەکانیش کاریگەردەبن بە ئابووری (weber. 1949: 64-65). نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە دەکرێ بڵێین کتێبی ئابووری و کۆمەڵگەی ڤێبەر توێژینەوەیەکی بەربڵاو و گشتگیرە لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و ئابووری.

هەروەها تا ئەو شوێنەی بە توێژینەوەکانی ئەمیل دۆرکایمەوە پەیوەست دەبێت، پێویستە بڵێین کە ئەو کەمتر لە بارەی ئابووری و کاریگەریی لەسەر کایە کۆمەڵایەتییەکان دواوە، بەڵام لە ڤێبەر قووڵتر و وردتر نەبوو، نەك ئەوەش، بەڵکو بابەتەکانی لەبارەی ئابووری کەمتر و سنووردارتر بوو. ئەگەرچی هەندێ توێژەر پێیانوایە کە هیچ یەك لە بەرهەمەکانی دۆرکایم ناتوانرێ بچنە ناو کۆمەڵناسیی ئابوورییەوە(swedberg, 2003: 18)، بەڵام پێمان ناخۆش بێت یان نا، هەندێ لە کارەکانی ئەو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بابەت و پرسە ئابوورییەکانەوە هەبوو، بەڵام زیاتر سیمایە کۆمەڵناسییانەی تیا زاڵبوو. وێرای ئەوەش، بەشێوەیەکی تایبەت کتێبی «دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی» و تارادەیەکی کەمتر کتێبی «خۆکووشتن» دەرخەری ئەو بایەخپێدانەن. بۆ نموونە دۆرکایم لە کتێبی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییدا پێیوایە کە هەندێ لە بابەتە ئابوورییەکان ئاکام و ئەنجامی کۆمەڵناسییانەی هەیە و بەناچاری دەبێ لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە شی بکرێتەوە. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ئابووریزانێکی وەک ئادەم سمیس جەخت لەسەر ئاکامە ئابوورییەکانی دابەشکردنی کار دەکاتەوە ئەمیل دۆرکایم جەخت لە کتێبی «دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی» جەخت لەسەر ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بابەتە دەکاتەوە و دەریدەخات کە دابەشکردنی کار دەبێتە هۆی پێکەوەبەستن و هاریکاریی تاکەکان لە کۆمەڵگە ئەمەش وەک فاکتەری یەکانیگری و تەبایی کۆمەڵایەتیی کاردەکات. هەروەها دۆرکایم لە کتێبی خۆکوشتن ئەوە دەخاتە ڕوو کە رێژەی خۆکووشتن نەک لەو دۆخەی کە ئابووری رووب ەرەو خوار و نزمە بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو

کاتەی ئابووریی بەرەو بەرزبوونەوە و باشبوونە زیاد دەکات. بەم چەشنە خۆکوشتن وەک بابەت و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی، دەکرێ بە رەهەندی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەوە پەیوەست بێت و زۆربوونی یان کەمبوونی تارادەیەک ببینرێت.

لەم ڕووەوە، پێویستە ئاماژە بە جۆرج زیمڵیش بکەین. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان بە دیاردە ئابوورییەکان و شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانە لە دیاردە ئابوورییەکان تایبەتمەندی دیاری توێژینەوەکانی زیمڵ بوو.

زیمڵ لە یەکێ لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانیدا پێیوایە بەرژەوەندییەکان کە هانی ئینسان دەدەن پەرە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدن و تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێ بەرژەوەندییەکام بپارێزرێن و دەربردرێن. هەروەها ئەو لەم کتێبە رایدەگەیەنێت کۆمەڵگە ڕەو فۆرمەیە کە تێیدا تاکەکان وەک گشت و یەکێتییەک دەبینێت و لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەیە کە بەرژەوەندییەکانیان بەدی دێت. بەم مانایە، تاکەکان لەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژێن بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەی هەیانە دێنە کایەوە و بوونی خۆیان هەست پێ دەکەن(Simmel, 1971: 24).

لە کتێبی «فەلسەفەی پارە»دا زیمڵ روانگە و دیدە ڕۆشنگەرییەکانی خۆی لەبارەی پەیوەندی نێوان پارە و دەسەڵات، پارە و هەست و پارە و متمانە و بەشێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانە لەبارەە دیاردویەکی ئابووری بەناوی پارە بوونی هەیە. بۆ نموونە بەگوێرەی تێگەیشتنەکانی زیمڵ، بەهای پارە تەنیا تا ئەو شوێنە بڵاو و فراوان دەبێت کە دەسەڵات بیپارێزێت. هەروەها بە بڕوای ئەو، ڕێک بەو چەشنەی کە کۆمەڵگەبێ متمانە ناتوانێ ئارام و جێگیر بێت، مامەڵەی پارەش بێ متمانە ناتوانێ بەردەوام بێت(Simmel, 1978: 179 to 185.).

لای زیمڵ، پارە بە جیاکردنەوەی رکابەرییە عاتیفی و هەستەکییەکان دەبێتە هۆی زۆربوونی کۆمپانیا بازرگانییەکان، بەڵام بە فراوانبوونی پەیوەندییە گشتگیرەکانی تاک بە گرووپەکانەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئازادی کەسیی و بەگشتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی تاکگەرایی و دواجار پارە هەستی ئایندەڕوانی لە تاک درووست دەکات. بەشێوەیەکی گشتی و بەو چەشنەی کە بیرمەندەکان رایدەگەیەنن زیمڵ بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئابووری پوولەکی چۆن کولتوور و لە ئاکامدا پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ یەکتر دەگۆڕێت. و دواجار پارە وەک دیاردەیەک کە هەڵگی پەیام و ئاکامێکی کۆمەڵایەتییە دەردەکەوێت.

**پێناسەی کۆمەڵناسیی ئابووری**

سەبارەت بە پێناسە و تێگەیشتنەکانی تایبەت بە کۆمەڵناسیی ئابووری، بۆچوونی هەمەچەشن و جیاواز لە یەك هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە وردی و بەکورتی بەشێك لەو تێگەیشتن و بۆچوونانە بخەینە ڕوو:

**نیل سملسر** پێیوایە کۆمەڵناسیی ئابووری بریتییە لە ئامرازێکی زانستیی بێلایەنانە بۆ شیکردنەوەی و خوێندنەوە و دیراسەی پانتایی چالاکییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئالوگۆرکردن و بەکارهێنانی کاڵاکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەڵام کۆمەڵناسیی دیاریی

ئەڵمانی **ماکس ڤێبەر** پێیوایە کۆمەڵناسیی ئابووریی تاوتوێیی ڕەگوریشە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردە ئابوورییەکان دەکات و هەوڵ دەدات لە کاریگەرییەکانی پرۆسە و دیاردە ئابوورییەکان لەسەر کۆمەڵگە تێبگات و هەمیش لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئابووری و کردە ئابوورییەکان بزانێت. هەروەها **شنایدەریش** پێیوایە کۆمەڵناسیی ئابووریی ئەو زانستەیە کە **دەزگا ئابوورییەکان** و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە بەر توێژینەوەوە. شنایدەر بەهۆی ئەو ئەرکانەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان هەیەتی بەتایبەت **کارگەکان** بە ناوەندی سەرەکیی شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانە دەزانێ، لە لایەکی تر **هانس کرس و رایت میلز پێیانوایە کۆمەڵناسیی ئابووری** ئەو زانستەیە کە پەیوەندییە لۆژیکیی و دیالێکتیکییەکانی نێوان دامەزاروە ئابوورییەکان و کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك دامەزراوە ئایینیی، سیاسیی و سەربازیی و خێزانیی و پەروەردەییەکان شی دەکاتەوە.